# خۆشەویستی دایك بۆ رۆڵەكانی بێ بەرامبەرە !!

[ كردي – كوردی – kurdish ]

پارێزەر ساڵح سەعید

**پێداچونەوەی :**پشتیوان سابیر عەزیز

١٤٣٢ - ٢٠١١

IslamHouse.com

# ﴿ محبة الأم لأبنائها بلا مقابل ﴾

« باللغة الكردية »

صالح سعيد

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

١٤٣٢ – ٢٠١١

IslamHouse.com

# خۆشەویستی دایك بۆ رۆڵەكانی بێ بەرامبەرە !!

دایك ئەو وشەیەی كە جوانترین و ناسكترین وشەیەكە لە ژیانی مرۆڤایەتیدا ، كە لە نێوان دوو لێودا دەردەچێت ، وشەیەك كە پر بە مانای خۆی پرە لە خۆشەویستی و سۆز ، دایك ئەو كائینەی كە خوای گەورە باس لە ئێش و ژانەكانی دەكات كە لە ئەنجامی منداڵ بوونێكدا دووچاری دەبێت ، دایك ئەو كەسەی كە پێغەمبەری نازدار درودی خوای لە سەر بێ فەرمان دەكات كە زۆر چاك بین لە گەڵیدا بە شێوەیەك رەزامەندی خوا وابەستەیە بە رەزامەندی ئەووەوە ، وە كاتێك هاوەڵێك پرسیاری لێ دەكات چ كەسێ شایستەیە من چاكەی لە گەڵدا بكەم سێ جار دووبارەی كردەوە لە گەڵ دووبارە پرسیارەكدنی هاوەڵەكە فەرمووی دایكت ، ئینجا چوارەم جار فەرمووی باوك ، دایك كە بەهەشت لەژێر پێی ئەودایە هەروەك سەروەرمان دەفەرموێت ،ئەوەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی كە كەسێك دایكی لێی رازی نەبێت شایستەی بەهەشت نیە ، ئەفسوس كەسانێك هەن قەدری ئەو گەوهەرە بەنرخ و پر بایەخە نازانن ، حەیف بۆ ئەو دایكانەی لە سەر جادەو كۆڵانەكان دەیانبینین سواڵ دەكەن و كەسێك نیە لایان لێ بكاتەوە ، لە كاتێكدا لەوانەیە زۆرێك لەوان كورو كچیان هەبێت و نەچن بە دەمیانەوە لێرەدا كورتە حیوارێك لە نێوان دایك وكورێكدا دەخەمە بەردیدەی خوێنەران تاكو بزانین!!! دایك كێ یە و چۆن سەیری جگەرگۆشەكانی دەكات :

لە وڵاتی سعودیە كورێك داوای برێك پارەی سعودی كە بریتیە لە (٢٠٠) ریاڵ لە دایكی دەكات بەڵام بێ ئاگاداری باوكی چونكە پارەی هەفتانەكەی تەواو بوو بوو !

بەڵام دایكی داواكەی بەجێ نەهێنا چونكە دەیزانی كە دەیدا بە یاری ڤیدیۆیی و شیرینی ، هەر بۆیە كورەكە زۆر توورە بوو بەرامبەر ئەو ستەمەی لێیی كرابوو، بە بۆچوونی ئەو ، ئێوارە كاتێك دایكی لە چێشتخانەبوو ،خواردنی ئێوارەی ساز دەكرد كورە، لە بەردەم دایكیدا وەستاو پارچە كاغەزێكی دایە دەستی كە پێشتر ئامادەی

کردبوو ،دایکیشی دوای وشك کردنەوەی دەستی پارچە کاغەزەکەی لێ وەرگرت و دەستی کرد بە خوێندنەوەی ، بینی تایدا نووسراوە :

١. نرخی پاکژ کردنەوەی ژوورەکەم بۆ ئەم هەفتەیە =٧٠ ریاڵ .

٢. نرخی ڕۆیشتنم لە جێگەی تۆ بۆ بازار=٢٠ریاڵ .

٣. نرخی یاریکردن لە گەڵ برا بچووکەکەم = ٢٠ریاڵ .

٤. نرخی یارمەتیدانت لە پاککردنەوەی ماڵدا = ٢٠ریاڵ .

٥. نرخی بەدەست هێنانی پلەی نایاب لە قوتابخانە =٧٠ ریاڵ .

وە کۆی هەمووی = ٢٠٠ریاڵ .

(وفوا الأجیر حقـه قبـل أن یجف عرقـه) ،واتە:کرێی کرێکار بدەن پێش وشکبوونەوەی عەرەقەکەی .

دایکەکە بە سۆز و خۆشەویستی و زەردەخەنەوە سەیرێکی کورەکەی کرد کە لە بەردەمیدا وەستابوو ، پارچە کاغەکەی هەڵگێرایەوە بۆ ئەو دیو و نووسی :

١. نرخی هەڵگرتنت لە ڕەحمم دا بۆ ماوەی نۆ مانگ = بێ بەرامبەر .

٢. نرخی ئەو شیرە خاوێن و بێ گرفتەی ٢٠ مانگ پێم دای = بێ بەرامبەر.

٣. نرخی گۆرینی دایبی و پاك کردنەوەت بۆ ماوەی شەش ساڵ = بێ بەرامبەر.

٤. نرخی شەونخونی هەموو شەوەکان لە کاتی نەخۆشی و ئازارەکانتدا لە پێناوی چارەسەرکردنت = بێ بەرامبەر.

٥. نرخی هەموو ماندووبوون و فرمێسکەکانم کە تۆ هۆکار بوویت بە درێژایی هەموو ساڵەکانی تەمەنت = بێ بەرامبەر.

٦. نرخی شەونخونی و لە خەوزرانی ساڵانی منداڵی و دڵە خورپەکان بە هۆی تۆوە = بێ بەرامبەر.

٧. نرخی یاریەکان و خواردن و جل وبەرگەکانت هەتا ئەمرۆ = بێ بەرامبەر .

کورەکەم : کاتێك هەموو ئەوانە کۆدەکەیتەوە، نرخی خۆشەویستیم بۆ تۆ بێ بەرامبەر ..

کاتێك کورەکە لە خوێندنەوەی پەیڤەکەی دایکی بوویەوە چاوەکانی پر بوو لە ئەسرین و وتی :

دایکە گیان داوای لێبووردنت لێدەکەم و گەردنم ئازاد بکە، زۆرم خۆش دەوێیت !

پاشان پێنووسەکەی گرت بە دەستیەوە وبە خەتێکی نووسی :

قەرزێك هەرگیز ناتوانرێ بدرێتەوە !!!!

ببەخشەو داوا مەکە ، بەتایبەتی لە گەڵ دایك و باوکدا جگە لە پارە زۆر شتی تر هەیە دەتوانی پێ یان ببەخشی ...

**ئامۆژگاری:**

ئەگەر دایکت زیندووەو نزیکە لێت دەستی ماچ بکەو داوای لێبووردنی لێ بکە ، وە ئەگەر دوورە تەلەفۆنی بۆ بکەو هەواڵی بپرسە ، ئەگەر کۆچی دوایی کردووە نزای خێری بۆ بکەو بڵێ: خوایە رەحمی پێ بکە ..